# با گۆڕنکارییەکان، بەرەو بەعەلمانی کردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بێت..!!•

## بەشی سێیەم و کۆتایی


**شێرزاد فاتح / سوید**

**0046 73 57 15 449**

sherzad_f@yahoo.com




پێش ئەوەی کە بێمە سەر بەشی سێیەم وکۆتای ئەم باسەم سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم چەند بەشەو، هەروەها چەندین پێشنیارو سەرنجی تر سەبارەت بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، وە بەگشتی سەبارەت بە پەروەدەی منالآن، کە لای من گەڵاڵە بووە لە ئەنجامی چەندین ساڵی کارکردنم چ وەك مامۆستا و چ وەك نوسەرێکی بواری پەروەردەی منالآن، هەروەها چ وەك بەرپرسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآنی کوردستان و عێراق لە وولآتی سوید. لە چوار چێوەی کتابێکدا چاپ و بلآو دەکەمەوە. لەهەمان کاتدا پێش ئەوەی کە بچمە سەر بەشی سێیەم و کۆتایی، بە پێویستی دەزانم کە پێشەکییەك لە بەشی یەکەم و دووەم بهێنمەوە بۆئەوەی خوێنەر بتوانێت بەشەکانی پێشوو لەگەڵ ئەم بەشەدا بەیەکەوە گرێ بدات و تەواوی بکات. لەبەشی یەکەمدا من نوسیم: دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پێداویستی نوسینی بابەتێکی لەم جۆرە ولەم کاتەدا، لەوێوەیە کە، ڕاستە ساڵەهایە منالآن و لاوەکانمان دەبنە قوربانی پرۆسەیەکی پەروەردەی نادروست و پڕ لە کەم و کوڕی، کەسیش ناتوانێت نکولی لەوەبکات کە ئەم پرۆسەیە بە قیمەتی گیان لە دەستدانی چەندین کەس لە منالآن و لاوانمان تەواو بووە، وە چەندین دڵی پڕ لە هیوای نا ئومێد کردووە. دیسانەوە ئەوەش ڕاستییەکی تاڵە کە ئەم پرۆسەیە هەم مامۆستایان و هەم لاوان و منالآنمان، وە لە گشتدا تەواوی کۆمەڵگای تووشی ئیفلیجی و سەقەتی کردووە. سەرباری ئەوەی کە ئەوانەی لەم تراژیدیایە بەرپرسن بۆ هیچکات وون نابن و ناتوانن شانی خۆیان لەم تاوانە خاڵی بکەنەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم نوسینەی من لەم کاتەدا دەرئەنجامی ئەوەیە کە خۆش بەختانە خەریکە مامۆستایان و ڕۆشنبیران و شارەزایانی بواری پەروەردەو فێرکردن چ لە کوردستان و چ لەدەرەوە، هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕ دەخەن لە پێناوی گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا. بەڵام بەو پێیەی کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ڕەنگدانەوەی بیر و سیاسەتی دەسەڵاتدارە، ئەوە هەمیشە ئەوە جێگای پرسیارە بۆ من کە سنوری دەستکاری و گۆڕانکارییەکان لەپرۆسەی پەروەردەدا بە کوێ دەگات؟ ئایا سەبەینێ و لەو پرۆسە نوێیەدا چەندە باری سایکۆلۆژی، پەروەردەیی، پراکتیکی و گروپکاری، ئازادی تاك و بنەما سەرەتاییەکانی مافەکانی منالآن و بەگشتی مافەکانی مرۆڤ ...هتد لەبەرچاو دەگیرێن؟ ئایا ئەم گۆڕانکاریە بەرەو عەلمانی کردنی ئەم پرۆسەیەیە؟ ئایا ژیانی مامۆستایان ، ئاستی ووشیاری و ڕۆشنبیرییان ، ئاشنا بوونیان بە شێوەی پەروەردەی نوێ چۆن دەبێت وشۆن گۆڕانکاری تێدا دەکرێت؟ ئەمانەو چەندین پرۆسیاری تر، جێگەی گرنگیپێدانی قوڵی منە لەم پرۆسەیەداو لەم گۆڕانکاریانەدا کە بەڕێوەیە.

---

• تێبینی : ئەم سێ زنجیرە باسەو چەندین پرۆژەو تێبینی تر سەبارەت بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، وە بەگشتی شێوازو چۆنێتی پەروەردەی منالآن، لە چوار چێوەی کتابیکدا چاپ و بلآو دەکەمەوە.

دیاره هەر کەس لەوانەی کە دەیانەوێت گۆڕنکاری لەم بارەوە ڕووبدات و بکرێت، بۆخۆی پڕۆژەو بیرۆکەیەکی هەیەو دەیەوێت لایەنێکی لاوازی ئەم پرۆسەیە نیشان بدات و جێگەیەك بۆ ئەو پرۆژەیە یان ئەو ئەلتەرناتیڤەی خۆی بەرەو باشتر کردنی ئەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە بکاتەوە، منیش چ وەك نوسەرێك و چ وەك مامۆستایەك کە بۆ چەندین ساڵ لەبواری پەروەردەو فێرکردندا کارم کردووە، وە لە هەمان کاتدا لەم بارەوە جگە لە نامیلکەیەك ، چەندین چاوپێکەوتنی ڕادیۆی و تەلەفیزیۆنیم ئەنجام داوەو بابەت و ووتارم نوسیوە، هەروەها چەندین پێشنیارم خستۆتەڕوو لە پێناوی گەشەپێدان و بەرەوە پیش بردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، وە هەتا ئێستاش گرنگیەکی زۆر بە پەروەردەو فێرکردنی منالان دەدەم و وەك پرۆژەیەك لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا بە شێوەی پراکتیك لە عێراقدا کاری لەسەر دەکەم. ئەگەر فرسەتی بەشداری فیزیکیشم پێنەبڕێت لەو کۆنفرانسەدا کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بەنیازە بۆ ئەم مەبەستە سازی بدات ، ئەوا هەوڵ دەدەم بەچەند بەش لەم بارەوە باسێك بخەمەڕوو، لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، کە بریتیە لە شی کردنەوەو نیشاندانی لایەنە پڕ کەم و کوڕەکانی ئەم پرۆسەیە لە چەند بواری جیاجیاوە، وە لە هەمان کاتدا بەدیل و ڕێگا چارەی گونجاو و دروست بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بەیان بکەم.

هەمووماں شاهیدی ئەوەین کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، چەندە پرۆسەیەکی بێ بایەخ وپڕ کەم و کورتییە. تەنانەت هیچ پێویستت بەوە نییە کە تۆ مامۆستا یان خوێندکار بیت و چەند ساڵێك تەمەنی خۆتت لەم نێوەدا بەخەرج دابێت تا شارەزای ئەم پرۆسەیە بیت. ئەگەر ڕۆژانە تەنها چاوت بەچەند منالێکی خوێندکار بکەوێت، ئەگەر سەردانی قوتابخانەیەك بکەیت ، یان ئەوەتا چاوێك بەبڵاوکراوەکان و هەواڵەکاندا بگێڕیت ئێتر زانکۆکانی کوردستان و عێراقدا لەسەر بنەمای یاساکانی ڕێبەری خوێندکاران. هەروەها لەدوای باس کردنی بەشی پێنجەم: لە باری دەمارگیری نەتەوایەتییەوە، ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە باری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان لە چ ئاستێك دایە. لەبەشی یەکەمدا وەك هەڵسەنگاندنێکی خێرا باسم لەچەند لایەنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کرد لەوانە: یەکەم:- لە باری مێژوویەوە ، دووەم:- لە باری زانستی یەوە، سێیەم: لەباری سایکۆلۆژییەوە.

هەروەها لەبەشی دووەمی ئەم باسەدا وێڕای ئاماژە کردنێك بۆ پێشەکی بەشی یەکەم، باسم لە درێژەدا بە باسی لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کرد، لەوانە چوارەم: باری ئاینی ، وە لێرەشدا باسم لەوە کرد کە ئەم لایەنەش چەندین لق و پۆپی لێدەبێتەوە، لەوانە (1)دروست کردنی جیاوازی ڕەگەزی و دروست کردنی بیری پیاو سالاری لای منالان، وە پۆشینی حیجابی زۆرەملێ بەسەر منالانی کچدا.(2) زاڵ بوونی بیری مەزهەبی لە جێگەی بیری زانستی، چونکە ئاین هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت و گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت. (3) سودوەرگرتنی خراپی سیاسی لە ئاین و لێرەدا باسم لەوە کرد کە چۆن ئەم لایەنە سودی لێوەرگیراوە لە لایەن ئەحزابی ئیسلامیەوە بە هەموو باڵەکانی توند ڕەوو میانڕەوو تیرۆریستیانەوە. (4) تێکەڵ کردنی وانەی ئاین لە گەڵ وانە زانسیتەکاندا. وە هەروەها لەم بەشەدا باسی ئەو جیاوازییە ڕەگەزییەم کرد کە لە نێوان کچان و کوڕاندا دەکرێت، وە لە ئەهان کاتدا چەندین نموونەم لەسەر وەرگرتنی کوڕان و کچان لە پەیمانگاو زانکۆکاندا هێنایەوە، و چوومە سەر بەشی بەدیل و ڕێگا چارەکان بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن وە چۆنێتی پەروەردەی نوێ.

**من لێرەدابە پێویستی دەزانم کە خاڵ بە خاڵ ووردەکارییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە وە ئەوە شێوازە نوێیەی کە دەبێت بکرێ و منالانی پێفێر بکرێت بخەمە ڕوو.**

***بۆ چارەسەری لێبڕاوانەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکرێت وەك پرۆژە و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو هەریەك لەو گۆڕانکارییانەی کە پێویسە بکرێن لەبەرچاوبگیرێن و کاریان لەسەر بکرێت، دەکرێ بۆ نموونە بۆ هەر لایەنێك لە لایەنانەی کە پێویستە گۆڕانکاری تێیدا بکرێت لانی کەم 6 مانگ و لانی زۆریش ساڵ تا دووساڵ دیاری بکرێت، ئەمیش بەندە بە شێوەو چۆنێتی گۆڕانکارییەکان و بە پرۆژەکانەوە کە پێشکەش دەکرێت.***

## ئەلف و بێی فێربوونی زمان

ئاشکرایە کە بۆ فێربوونی نوسین و خوێندن بە هەر زمانێك بێت، مرۆڤ سەرەتا دەبێت فێری ئەلف و بێی ئەو زمانە بێت، بەشێکی زۆری منالان و لاوانێك کە چەندین هەنگاوی خوێندنیان بڕیوە ئێستاش ناتوانن ئەلف و بێی زمان بژمێرن و یان بەباشی بیناسن، چونکە هەر لە منالییەوە سەریان لێیان شێواندوون و بەسەقەتی فێرکراون، من لە بەشی یەکەمی ئەم باسەمدا بە کورتی باسی ئەوەم کرد کە ، کتابی الخلدونية بە پیتی زیر .........زیری........دەست پێدەکات، وە ئەو ئەلف و بێیانەش کە بۆ کوردستان دانراون، هەر لە ئەلف و بێکەی مامۆستا حامد فەرەجەوە ( ڕاو ....ڕوو...) بگەرە تا ئەلف و بێکەی مامۆستا باڵدار ( دارا...دارا...دوو...داری دی) هیچیان بە پیتی أ ، ب ، ت ....هتد. دەست پێناکەن و هەر یەکەیان بەشێوەیەك دەست پێدەکات، ئەم ئەلف و بێیانەش بە تایبەتی ئەوەی مامۆستا حامد بەتەواوی تارمای و گاریگەی الخلدونية کەی ساطع الحصري پێوە دیارە و مامۆستا براهیمیش بە ئاشکرا ئەوەی ووتوە کە کتابەکەی ساطع الحصري لەوەی خۆی بە ڕاستتر زانیوە.

جا لێرەدا یەکەمین پڕۆژەو پێشنیاری من ئەوەیە کە یەکەمین هەنگاوی گۆڕانکارییەکان دەبێت لەوەوە دەست پێبکات کە یەکەمین بابەتی فێربوونی زمان بە پیتەکانی زمانی کوردی دەست پێبکات، پیتەکانی زمانی کوردی ئەوە نییە کە ئەلف و بێ کانی ئێستا یان پێشووی لەسەر داڕێژراون، بەڵکو دەبێت بە پیتی أ ، ب ، ت ....هتد. وە ماوەیەك بۆ ئەمە دیاری بکرێت بۆ نموونە 3 مانگ تا 6 مانگ، کە پیتەکانی فێربوونی زمان لە چوار چێوەی کتابێکدا بە ناوی ئەلف بێی زمانی کوردی داڕێژرێت و بکرێت بە بنەمای فێربوون، بۆ نموونە ناوی هەر گیان لەبەرێك یان شتێك کە لای منالان جوان دڵگیرو خۆشەویستە بەجوانی و ڕەنگاو ڕەنگی وێنە بکێشرێت و ناوی گیانەلەبەرەکەو شێوەی نوسینی پیتەکە نیشان بدرێت. من پێم خۆشە لێرەدا برێك ڕوونتر بڵێم و ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەلف و بێیەکانی پێشوی فێربوون ، هیچیان ئەم تێبینییەیان تێدا ڕەچاو نەکراوە، ڕاستە ئەو پیتانەی کە لەوێدا نوسراون هەموویان پیتی کوردین، بەڵام تێکەڵ و پێکەڵن و سەرەتاو کۆتایی تێدا ڕەچاو نەکراون، ئەگەر کەسێك سەرنجی بدات ئەوا پێی وایە کە زمانی کوردی بە پیتی .....ڕ...یان بە پیتی ...د.. دەست پێدەکات، چونکە لە ئەلف و بێکاندا بەو شێوەیە دەستی پێکردووە. دیارە لەم پرۆژەیەدا و لەو کتابەی تازەیەی فێربوونی ئەلف و بێی زماندا ، من وای دەبینم کە پێویستە فێربوون ، وە بەگشتی پەروەردەی منالان لەسەربنەماو لەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵانەی تر بێت کە پێشتر باسم کردو لای خوارەوەش درێژەی ئەو تێبینی و بنەمایانە لای خوارەوە باس دەکەم.

لەبەشی یەکەم و دووەمی ئەم باسەدا لە چەندین بارەوە باسم لە کەم و کوڕیەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کرد، یەکێك لەو لایەنانەش کە باسم کرد لایەنی مێژووی بوو ، وە بە کورتی باسی مێژووی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنم کرد لە عێراق و کوردستاندا تا ئەو جێگایەی بە دانانی یەکەمین مەنهەجی خوێندن دەگەڕێتەوە چ بە کوردی بۆ کوردستان و چ بەعەرەبی بۆ عێراق، دیارە مەبەستی من لە بارە مێژوویەکەی تەنها ئەو لایەنە بوو کە مەبەستم بوو بیڵێم و لێیەوە وەك دەروازەیەك بچمە نێو بەشەکانی تری باسەکەم ، وە ئەمە ناکاتە هەموو

ووردەکارییەکانی مێژووی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن. بۆ ئەەی کە بچمە نێو ئەو باسەوە سەرەتا پێم خۆشە نموویەکی کورت بهێنمەوە لەسەر فێرکردنی منالآنی تەمەن شەش سالآن کە پێی دەوترێت پێش قوتابخانە لە وولآتی سوید.

## نمونەیەك لە فێرکردنی منالآنی تەمن 6 سالآن لە سوید

من لێرەدا دەمەوێت نمونەیەك لە فێرکردنی منالآنی تەمەن 6 سالآن بهێنمەوە لە سوید، ئەوەی کە پێی دەوترێت پێش مەکتەب( یان پێش قوتابخانە)، لێرەدا هێشتا منالآن نەچوونەتە قوتابخانە فێری ناسینەوەی هەموو پیتەکانیان دەکەن، هەر لە پۆلی پێش قوتابخانەدا فێری هەندێك زانیاری کۆمەلأیەتی و گشتی و ڕێنمایی دەکرێت وەك: فێری چۆنێتی پەڕینەوە لە شەقامەکان و کەی بۆیان هەیە بپەڕنەوە، هەر چەند هەفتەی جارێکیش دەیانبەن بۆ کتێبخانەی گشتی و فێری ئەوەیان دەکەن کە چۆن کتاب بخوازنەوە لە کتێبخانەو بیخوێننەوە و دوای بگەڕێننەوە. وەرزش، وێنەکێشان ، مەلەکردن ، چون بۆ ناو دارستان و کەمێکگ دوور کەوتنەوە لە چواردیواری قوتابخانە خۆراك لەگەلٚ خۆدا هێنان و خۆخزمەت خۆکردن، فێری ژمارەی تەلەفۆنی ئەمبولانس و پۆلیسیان دەکەن لەکاتی بینینی کێشەوڕووداو، بەشی زۆری کاتەکانی ئەم منالآنە بەوە دەستپێدەکات کە فێری هاریکاری و کارکردنی گروپ بن، فێری شێوازی گونجاوی مامەڵە کردن بن لەگەلٚ یەکدا لە چوارچێوەی سنوری قوتابخانەدا، گۆرانی ووتن و سەماو یاری و وەرزش بەشێکی سەرەکی ئامانج لە فێرکردن و ڕاهێنانی منالآنە لەم هەنگاوەی خوێندندا. ئەمە جگە لەوەی باری تەندروستی منالآن مەسەلەیەکی گرنگی ئەم پرۆسەیەیەو لەم بارەوە هەولٚی زۆر دەدرێت لە پێناوی ئەوەی کە قوتابخانە بۆ کۆمەڵگاکە خۆی نەوەیەکی تەواو تەندروست و بەرهەم بهێنێت، تەنانەت هەتا لە ڕووی لەش و لاریشیانەوە.

## بەراووردی ئەو نمونەیەی سەرەوە لەگەلٚ فێرکردن لە کوردستان.

ئەگەر لێرەدا هەڵوێستەیەك بکەین و بڕێك لە شێوازی فێرکردن لە کوردستاندا وورد ببینەوە، ئەوا لەگەلٚ کەمی باخچەی ساوایاندا زۆر لایەنی تریش هەن کە لێرەدا و لە پێناوی فێرکردن و پەروەردەیەکی دروستی منالآندا لەبەرچاو نا گیرێن، تەنانەت لەو بەشە کەمەی باخچەی ساوایانیشدا کە لە کوردستاندا هەن، جا ئەم کەم و کوڕییانە لەچەندین لاوەیە، کە دەردەهەق بە منالآن ئەنجام دەدرێت من ناوی لێدەنێم تاوان ودەلٚێم ئەم تاوانە هەر تەنها لەئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە و وەزارەت نییە، بەلٚکو خودی حکومەت و دەسەلآتیش کەم کارەو کەم تەرخەمن لەم بوارەدا و لێی بەرپرسە.

## نوێنەرایەتی خوێندکاران( شورای قوتا بخانە ) لە سوید.

من حەز دەکەم هەر لێرەشەوە باسی ئەوە بکەم کە پێی دەوترێت نوێنەرایەتی خوێندکاران (یان شورای قوتابخانە) ، زیندوو ترین نموونەش بۆ ئەمە یەکێك لە منالەکانی خۆمە کە لە پۆلی شەش سالٚییەکانە. ماوەیەك لەمەوبەر کاتێك کە چووم منالٚەکەم بهێنمەوە لە قوتابخانە مامۆستاکەی ووتی ئەمڕۆ (لەنیا و ئێریك ) بە نوێنەرایەتی پۆلەکەیان چوون بۆ لای بەڕێوەبەرو داخوازییان هەبووەو لە گەلٚ بەڕێوەبەردا کۆبوونەتەوە ، من نەمدەزانی کە

مناڵەکەی من یەکێکە لەو دوو مناڵەی کە ڕابەری پۆلەکەیانن و هەڵبژێردراوە بۆ نوێنەرایەتی کردنی پۆلەکەیان بۆ هەر کێشەو پێداویستییەکی مناڵان کە پێویست بکات ڕووبەڕووی بەڕێوەبەری قوتابخانە ببێتەوە.
لەگەڵ خۆشحاڵ بوونم لەوەی کە مناڵەکەم یەك لە دوومناڵی ڕابەری پۆلە، من پێم خۆش بوو برێك فزولی بنوێنم و پرسیارێك لە بەڕێوەبەرەکەیان بکەم لەم بارەوە، بزانم تاچەند ئەو ئامادەیە گوێ لەداخوازی مناڵانێکی ئاوا بچوك بگرێت و داخوا دەیەوێت چییان بۆ بکات ، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەڕێوەبەرەکەیانم کرد و ئەو ووتی من داواکەی ئەوانم کردووە بە کتابێك و داوای بودجەم کردووە بۆ دابین کردنی ئەو پێداویستیانەی کە مناڵەکان داوایان کردووەو پێویستیانن، وە ئێمە دەمانەوێت و هەوڵی تەواویش دەدەین کە بۆیان جێبەجێ بکەین. ئەم جۆرە لە مامەڵەو هەڵس و کەوتکردن لەگەڵ مناڵاندا، بنەمای کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکات، ئەو مرۆڤەی کە لە سبەینێی گەورەبوونیا بتوانێ خاوەنی بڕیاری خۆی بێت، وە لە هەمان کاتدا کەسێکی شەرمن و ترسنۆك و گۆشەگیر نەبێت.

## نمونەی شورای قوتابخانە لە کوردستاندا چۆنە؟

ئەگەر لێرەشەوە سەیری قوتابخانەکانی کوردستان بکەیت، من پێم وایە کە لە بەشێکی زۆری قوتابخانەکان شتێك نییە بەناوی نوێنەرایەتی قوتابیان، نوێنەرایەتی بە مانا دروست و ڕاستییەکەی مەبەستمە، دەنا من دەزانم لە چەند قوتابخانەیەکدا شتێك هەیە بە حیساب بۆ نوێنەرایەتی خوێندکارانە، بەڵام من بەچاوی خۆم دیومە کە زیاتر ئەمەی کەناوی لێنراوە نوێنەرایەتی، بۆ ئەوە کراوە کە خەریکی کاری تەجەسوس و شتی وابن بەسەر خوێندکارانەوە (بگرە تا بەسەر مامۆستایانیشەوە) تا ئەوەی نوێنەرایەتی خوێندکاران بن بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکانیان یان چارەسەری کێشەیەکی دیاری کراو، یان زۆر جار ئەو کەسانەی کە دانراون بۆ ئەم کارە نوێنەری حیزبەکانن یان دروستر نوێنەری خوێندکارانی حیزبێکن بۆ تەجەسوس کردن بەسەر ئەوانی ترەوە چ بۆ لای بەڕێوەبەری قوتابخانە بێت یان بۆ لای حیزب و کۆمیتەکانی خوێندکاران. یانی زۆر بەداخەوە هەتا لە باری ماهییەتی ئینسانیشەوە ئەم دوو شتەی کە پێی دەوترێت نوێنەرایەتی خوێندکاران (یان شورای خوێندکاران) بە بەراوورد بەە کوردستان لەگەڵ سوید، ڕێك کارەکانیان پێچەوانەی یەکە، کە ئاشکرایە ئەوی تریان لە جیاتی مرۆڤ دروست کردن، جاسوس و پیاوی چەتە دروست دەکات، ئەمە ئیتر یەکێك لە دەستاوەکانی بەعسەو بۆ ئەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە ماوەتەوە و کاری پێدەکرێت و ئیبداعاتی زیاتری تێدا دەکرێت بۆ خزمەتی لە ڕێدەرکردنی لاوان و مناڵان و بۆ خزمەتی حیزب و بیری تەسکی حیزبایەتی و عەقلییەتی خێڵەکی وعەشایەری.

## کارکردن بە گروپ

پێش ئەوەی نموونەی چەند کتابێك بهێنمەوە کە ماتریاڵی خوێندنن لە قوتابخانەکاندا ، یانی ئەو کتابانەی کە دانراون بۆ ئەوەی دەرسی لەسەر بخوێندرێ بۆ فێروون، ئەوەی کە بەسویدی پێی دەڵێن(läroböcker) ، من لەسەرەوە ئیشارەتم بە کارکردن کرد لە شێوەی گروپ، پێم خۆشە برێك لەسەر گروپاندن بڕۆم و شێوەی ئەم جۆرە لە کارکردن و لایەنی باشی کارکردن بە گروپ و ئەم شێوازە لە فێرکردن کەمێك باس بکەم، سەرەتاش دەمەوێت ئەو بێنمە پێشچاوی هەمووان کە لە کوردستاندا کاری فێرخوازی و فێرکردن شێوازێکی ئێجگار کلاسیکییە، ئەمیش بەو شێوەیەیە کە هەموو ئەو تەختانەی کە فێرخوازانی لەسەر دادەنیشن بەچەند ڕیزی دوای یەك و تەنیشت یەکدا

ریز دەکرێن و هەموو ئەوانیش ڕوو بە مامۆستاو تەختەڕەشەکە دادەنیشن. ئیتر زۆرجار ئەوانەی کە لە دواوە دائەنیشن خەویان لێدەکەوێت و ئاگایان لە دەرس نامێنێت، ئاگاشیان لێبێت بە گشتی سودی زۆر کەم لەم شێوازی فێربوونە دەبینن، مامۆستاش بەزۆری لای تەختەڕەشەکە ڕادەوەستێت ڕوو بەوان، هەندێك جاریش زۆر بەکەمی لە نێوان قوبیان، گفتوگۆ کردن بەیەکەوە لەسەر بابەتێك، ڕاگۆڕینەوەو...هتد ئەتوانی بڵێی بەهیچ شێوەیەك نییە، زۆرجاریش مامۆستا هەر ئەوەندە فریا دەکەوێت لە یەك دوو قوتابی بپرسێ و ئەودای ماددەکە هەمووی خۆی باسی بکات، بێئەوەی بزانێ داخوا یەك بەیەکی فێرخوازان تێگەیشتوون یان نا؟ دەزانن ئەمڕۆ باسی چیکرا یان نا؟ پرسیارو نا ڕۆشنیان هەیە یان نا؟ ...هتد.

لەبەرامبەردا شێوازی گروپاندن، یان شێوازی بە گروپ کارکردن و خوێندن، بەو شێوەیەیە کە هەموو خوێندکارەکان بەسەر چەند گروپێدا دابەش دەبن ، هەر چوار تا پێنج مێزو کورسی دەنرێن بەیەکەوەو بەشێوەی گروپ بەیەکەوە دادەنیشن و کار دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی خوێندکارەکانی پۆلێك 30 خوێندکار بن ئەوا(کە بوونی ئەم ژمارەیە لە خوێندکار لەیەك پۆلدا ئەتوانی بڵێی لە سویددا زۆر دەگمەنە) دابەش دەکرێت بەسەر 5 گروپدا و هەر گروپەیان 6 نەفەر بەیەکەوە کار دەکەن، لە هەر گروپەش کەسێك وەك سەرۆکی گروپ دەسنیشان دەکرێت ، کەسێکی تر وە سکرتێری گروپ و ئەوانی تریش وەك بەشداربوو، بابەتی ڕۆژ کە لە لایەن مامۆستاوە دیاری دەکرێت زۆرجار سەبارەت بەو بابەتە لە لایەن مامۆستاوە چەند پرۆسیار ئامادە دەکرێت و دەوروژێندرێت، کاری سەرۆکی گروپ بریتییە لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی بەڕێوەچوونی گفت و گۆکان و دانی کاتی گونجاو بۆ پرسیارەکان و بۆ هەر کەسێك تا لەوبارەوە نەزەری خۆی بدات و وەڵامباتەوە، کاری سکرتێر نوسینەوەی پرۆتۆکۆلی ئەو دانیشتنەیە یان ئەو گروپەیە لە هەمان کاتدا بۆخۆشی یەکێکە لە بەشداربووانی هەموو چالاکییەکانی ئەو گروپەی خۆی، لە دوای ئەوەی کە کاتێك دیاری کرا بۆ ئەوەی هەر گروپەو بەجیا کاری خۆیان بکەن، ئەمجا هەمووان لە یەك جێدا(لە پۆلەکەی خۆیاندا) کۆدەبنەوە بێئەوەی گروپەکەی خۆیان تێك بدەن، سەرۆکی هەر یەك لە گروپەکان سەبارەت بەو مەسەلەیەی ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر کراو هەر کەسەو لە گروپی خۆی نەزەریان چی بوو وە چۆن ئەو باسەی ئەوڕۆیان لێك دایەوە، بە هەموان ڕایدەگەیەنێت ، پاش ئەوەی کە گروپ گروپ هەموو نەزەری خۆیاندا، ئەمجا گفت و گۆی لەسەر دەکرێت ئەنجامگیری دەکرێ و هەموو لایەنێك ئەو بابەتەی کە ئەمڕۆ لە گروپەجیاجیاکاندا قسەوباسی لەسەر کرا، بە هاوکاری لەگەڵ مامۆستاکەیاندا و ڕاستکردنەوەی هەڵەو کەموکوڕییەکان ئەنجامگیرییەکە پاك سازی دەکرێت و لە لایەن بەشداربووانەوە دەنوسرێتەوە، بەجۆرێك کە هەموو ئەندامەکانی هەر گروپێك بەشداری چالاکانەو ڕاستەوخۆدەکات و دەورونەخشی بووە لەسەر باس کردن لەسەر ئەو بابەتەی کە ئەمڕۆ بووبان، لە لایەکی تریش ڕێزدانان بۆ کەسایەتی و بیروڕای هەرکەسێك لە ئەندامانی بەشداربوو لە گروپەکان سادەترین شتێکە کە ڕەچاودەکرێت.

ئەم شێوازی فێرکردنە وادەکات کە هەموو قوتابیان بەشداربن و هەمووشیان قسە بەکەن و نەزەری خۆیان بڵێن، بە جۆرێك کە کەس ناتوانێ چالاکانە بەشداری قسەوباسەکان نەکات، ئاشکرایە کە ڕاددەی ووشیاری مرۆڤەکان جیاوازن و هەموو وەك یەك نین، لە نێوان هەمووواندا شتێك هەیە کە پێی دەڵێن ( الفروق الفردية) دیارە من تەنها مەبەستم سەبارەت بە فێربوون و چۆنێتی تێگەیشتنە لە بابەتێك یان باسێکی دیاری کراو، هەموو ئەو کەسانەی کە زۆر کەم لەو بارەوە زانیارییان هەبوو، ئاستی زانیاریان دەچێتەسەرەوە و سود لەوزانیارییە جیاوازانە وەردەگیرێت کە لەلایەن هەرکەسە و لە هەر گروپێکەوە باسی لێوە کرا، هەر کەسێکیش کە لە گروپێکدا کار دەکات ناتوانێ خۆی ئامادەنەکات و سەعی نەکات، بۆخۆی هەست بە ناڕەحەتی و خۆ بەکەم زانین ئەکات لەچاو ئەوانی تردا، بۆیە ڕەنگە یەك جار سەعی نەکات و دەرسەکەی ئامادە نەکات بەڵام بۆی سەخت ئەبێت ئەمە دووبارە بکاتەوە، لە لایەکی ترەوە مامۆستا زۆر بە باشی فریا دەکەوێت کە کاتەکەی دابەش بکات بەسەر گروپەکاندا و هەر ماوەیەو لای یەکێك

لەگروپەکان دانێشێت و ئامادەی گفت و گۆکەیان بێت گوێیان لێبگرێت و ئاگاداری ڕەوشی بەڕێوەچوونی کاری گروپەکەیان دەبێت، ئاشکریە کە زۆر ئاسان ئەبێت ماموستایەك هەر ماوەیەو لەگەڵ لانی زۆر 6 کەسدا کار بکات نەك 30 کەس بەیەك جار، زۆر باش خوێندکارەنی دەناسێت، ئاستی ووشیاری و ڕۆشنبیریان شارەزا دەبێت، هەتا لەباری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی مرۆڤدۆستانە بۆ مامۆستا زۆر ئاسانترو خۆشترە کە بە ئاسانی دەتوانێ لە خوێندکارەکانی تێبگات و شارەزایان بێت، وە هەتا شارەزای ئەوە بێت کە چۆن هاوکارییان بکات و ڕێنمایان بکات بۆ بەرەوپێشچون و سەرکەوتنیان. هەر لێرەشەوەیە کە یەکێك لە لایەنە کرنگەکانی ئەم شێوازی فێرکردنە ئەوەیەکە مامۆستا دەتوانێ زۆر بەئاسانی و بەباشی دەسنیشانی خاڵە بەهێزولاوازەکانی هەر خوێندکارێك بکات و ئەوانەی کە لاوازن و پیپویستیان بە هاوکارو فێربوونی زیاتر هەیە، ئەم لایەنەیەیان بۆ دابین دەکرێت.
هەر خوێندکارێك لە هەر ماددەیەك زەعیفەو ناتوانێ لە ئاستی باش یان مامناوەندی بێت یان ئاستی تێگەیشتنی باش نیە وەك ئەوانی تر، ئەوا مامۆستای بۆ دابین دەکرێت، یان چەند مامۆستای تایبەت هەن کە کارەکەیان تەنها ئەوەیە ئەو لایەنە زوعفەی ئەو قوتابی و خوێندکارانە پڕ بکەنەوە کە پێویستیان پێی هەیە تا بگەن بە ئاستی داواکراو وەك هەموو ئەوانی تر. ئەم لایەنەی گروپاندن زۆر گرنگە کە لەم شێوازی فێرکردنەدا هەیە، کە ئەم سیفەتانە بەهیچ شێوەیەك لە شێوازی فێرکردنە تەقلیدیەکەدا لەبەرچاو ناگیرێ، وە لەوێدا ئەو کەم وکوڕیانە دەسنیشان و چارەسەر ناکرێن و وەکو خۆی دەمێننەوە و کەڵەکە دەبێت تا دەگاتە ئەوەی خوێندکارەکە سبەی قوتابخانە بەجێ دێڵێ و ڕقیشی لە خوێندن و خوێندنگاو مامۆستاش دەبێتەوە.

پێم خۆشە لێرەدا سەبارەت بە باری مێژووی چەند بابەت و مەنهەجێکی خوێندنی سوید وەك نموونە بهێنمەوە، بۆ نموونە چەند پەرتوکی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی وولاتی سوید دێنمەو لەوانە Mini و Mitt ABC یان Matteboken کە ئەمانە بە حیساب زۆر کۆنن و مێژووەکەی تەنها بۆ 5ساڵ تا 15 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم کتابانە تەنها ئامرازێکن بۆ فێربوونی پیتەکانی لەلف و بێی زمان و هەندێ نموونەی زۆر سادە لەسەر بیرکاری و هیچی تر، بەڵام لە قوتابخانەدا مامۆستا ئەم مەنهەجانە وەك هاوکار و یاریدەدەر بەکار دەهێنێت بۆ فێربوونی منالان، وە هیچ کات خۆی بەم مەنهەجانەوە نابەستێتەوە، مامۆستا بۆخۆی ڕۆژانە دەیان نموونە لە ژیانی ڕۆژانەی دەوروبەریان دەهێنێتەوە بۆ فێربوونی منالەکان. لە هەنگاوەکانی دواتر زۆر جار مامۆستا لە ڕێگەی خوێندنەوەی بابەتێکی نوسەرێك یان باسێکی تازە کە پەیوەندی بە ماددەکەوە هەبێت، باسێك کە لە ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوەو جۆراو جۆرەکاندا بڵاو دەبێتەوە دەکاتە باسی ئەو ڕۆژەو دەبێت جێگەی گفت و گۆ لە نێوان مامۆستاو خوێندکارەکاندا، لێرەدا جیاوازی وەك ئەڵێ ئاسمان ڕێسمان هەیە لە نێوان ئەو شێوازە فێرکردنەی کە لەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەدا هەیە تا دەکاتە ئەوەی کە لە کوردستاندا هەیە، لێرەدا خوێندکاران هەست دەکەن کە شتێکی زیندوو ئەبیستن ، ئەو باس و لێکۆڵینەوەی کە مێژووەکەی بۆ چەند ڕۆژ یان چەند هەفتە لەوەپێش دەبینن و دەخوێننەوە، نەك ئەوەی کە نیو سەدە لەمەوبەر نوسراوەو ووتراوە، کە لە دنیای پێشکەوتوودا ئەمڕۆ کەس لە نێو زبڵدانی مێژووشدا نابینێتەوە.
ئەم بارە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر خوێندکاران و پاڵنەرێکی زۆر گرنگە بۆ بەردەوامی و بەرەوپێشچوون و بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری و زانیاری خوێندکاران لە چەند لایەکەوە، لە لایەك فێریوونی هەر شتێکی زیندو و تازە یانی نزیکبوونەوەی ڕووداو ڕاستییەکانە لای خوێندکار لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا، لە لایەکی ترەوە خودی دەرچوون لە چوار چێوەی دیاری کراوی بابەتەکانی خوێندن مێشکی خوێندکار لەو قاڵب و سنورەی کە بۆی دیاری کراوە کراوە و ئازاد دەکات بواری درك کردن و تێگەیشتنی فراوانتر دەکات و ئاسانتر دەوتوانێ پێشوازی لە هەموو زانیارییەکی نوێ و بابەتێکی نوێ بکات.

کاتێك باس لەم لایەنە دەکەین باری زانستی پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن کە لای سەرەوە باسم کرد، بەم لایەنەوە گرێ دەخواتەوە، ئەمە بەو مانایەیە کە لە باری زانستییەوە تۆ واوەتر چوویت و پەنات بردە بەر داهێنان و باس کردن لەو تازەگەرییانە، وە لەو دۆزینەوە نوێیانەی کە هەر ئێستاو ئەمرۆ باسی ڕۆژەو مشت و مڕی لەسەرە، من لێرەدا نموونەکەم لەسەر بابەتێکی زۆر سادە کە لە هەنگاوەسەرەتاییەکانی خوێندندا هەیە باس کرد لە وولاتی وسوید، هەر لێرەشەوە چوومە سەرباسی ئەو هەنگاوانەی کە بەدوای ئەودا دێن لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا ئەمە بۆ ئەو هەنگاوانەی تریش هەروایەو هەتا بگرە دانشگاش هەمان سیستەم بەڕێوەدەچێت و هەمیشە تازەگەریەکانی ڕۆژانە و دۆزینەوەکان هەتا ئەوانەی کە لە شێوەی بابەتێکی تیۆری و لێکۆلێنەوە باسی لێوەدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە دەبێتە بابەتی ڕۆژ و قسەوباسی لەسەر دەکرێت.
هەر لێرەشەوەیە کە بابەتەکانی خوێندن لە کوردستاندا دەبێت بگۆڕدرێت و ئەم گۆڕنکارییە بۆ ئەوەی کە بتوانێت لەئاستی پرۆسەیەکی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمدا بێت ، من وای بە پێویست دەزانم کە هەموو ئەو بارانەی کە لای سەرەوەو لەبەشەکانی تردا باسم کرد، لەبەرچاو بگیرێن و گۆڕانکاری زۆر بنەڕەتی تێدا بکرێت، لە پێناوی پەروەردەیەکی سالم و ئارامی منالآندا، وە لە پێناوی پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ بۆ دنیای نوێی سەردەم ، و پڕ زانیاری بە پێداویستی و زانیارییەکانی سەردەم، بۆ ئەوەی چیتر منالآنی ئێمە هیچیان کەمتر نەبێت لە منالآنی تری دنیای پێشکەوتوو لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری ، سایکۆلۆژی و زانیاری ...هتد. لەگەڵ هیوای سەرکەوتنم بۆ هەموو ئەوانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن ، وەخەمی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیانە، خەمی پەروەردەی مندالآنیانە. بە ئاواتی دنیایەکی باشتر و ژیانێکی پێشکەوتوترو خۆشتر بۆ منالآن و لاوانمان.